# دۆسیەی  چالاکییەکانی ٨ی ئادار جەژنی ژنانی جیهان
# لە  لایەن
# ڕێکخراوی پەیوەندیەکانی ئافرەتانی کورد (ڕێپاک).

ئەگەر چی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەمبۆنەیەوە بە پێکەنینێکی گاڵتەجاریەوە لە وتەکانی گوتی کە ژنان بەهۆی ئەوەی کە هەمیشە لەماڵەوەن، بۆیە لە ئێمە زیاتر ئاگاداری روداوو هەواڵەکانن! بەداخەوە ئەو ژنانەی لەوێ دانیشتبون لەگەڵ ئەوەی ئەوەندە قوڵبونەوەیان نەبوو بڵێن ئەرێ بەرێزت وەڵامێکمان نادەیتەوە بۆ ئەو پرسیارەی کە بۆچی ژنان ئەوەندە لە کونجی ماڵەکاندا هەوڵی کۆیلەکردنیان دەدرێت؟ ئەرێ خۆ هەشتی ئادار بەرهەمی تێکۆشانی ژنان بوو، بەرامبەر ئەو بێ مافیو سیاسەتی زیندانیکردنو بێ دەنگکردنەی بەرامبەریان دەکرا راپەڕین. بەجێگای ئەوە چەپڵەیان لێدەدا بۆی.

وێرای ئەو وتەو دەیانو سەدان هەڵوێستی بێ هەڵوێستی بەرپرسانی باشوری کوردستان بەرامبەر بە پرسی ژن. وەک هەر گۆڕەپانو جوگرافیایەکی ئەم جیهانەو پارچەکانی تری کوردستان ژنان لە باشوری کوردستانیش لە ڕۆژی جەژنی تێکۆشانی ژنانی جیهان لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان لە چالاکی دابون. کە بریتیبون لە چالاکی جۆراو جۆر.

دروشمی ژن ژیان ئازادی کە لە پێناویدا روبارێک خوێن پێشکەش کراوە ئەمساڵ مۆری خۆی لە تەواوی چالاکیەکانی ژناندا لە جیهان. ئەگەرچی بەشێک لە ژنان نەیانتوانیبێت وەک هاورێیازانیان لە شەقامو کۆڵانو هۆڵەکان بانگو هاواری ژن ژیان ئازادی بکەن بەڵام ئەو بانگو هاوارە لە ئاستێکدابو کە ژنانی کونجی ماڵەکانیش کە هێشتا بەدەست سیستەمی دەسەڵاتداریو پیاوسالاریەوە ناتوانن دەرگاکان بخەنە سەرپشتو بەشداری ئاپۆڕای هاوارکەرانی ئەو هاوارە بن بەڵام کسپەی ناخیان بەنهێنیش بێت ئەو هاوارە دەکات، وە ئەوانو تەواوی ژنان باوەڕی تەواویان هەیە کە ئەو هاوارە رۆژێک دەبێتە

نۆتەی هۆنینەوەی سیستەمێکی دیموکرات‌و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتداریێتی‌و سیستەمی پیاوسالاری.

بەشێک لە چالاکیەکانی باشوری کوردستان لە هەڵمەتەکانی 8ی ئادار جەژنی تێکۆشانی ژنانی جیهان.

## رێکخراوی پەیوەندیەکانی ئافرەتانی کورد (رێپاک) بۆ پیرۆزکردنی 8 ی ئادار مەراسیمێکی تایبەتی ئەنجامدا.

ئێوارەی 6 ی ئادار لە شاری سلێمانی، ڕێکخراوی پەیوەندییەکانی ژنانی کورد (ڕێپاک)، هەستان بە ئامادەکردنی ئێوارە دانیشتنێکی تایبەت بە ژنان، بە بەشداری زۆرێک لە ژنانی چالاکوان و خەباتکار و ڕۆژنامەوان و ئەندامانی پارتەکانی ژنان ڕێکخست. لەلایەن کۆمیتەی ئامادەکارەوە، گوڵی نێرگزییان بە دیاری بەخشییە ژنان و پیرۆزبایی ٨ی ئاداریان لێ کردن.









لە مەراسیمەکەدا بانگەوازی لە ژنان کرا، بە مەبەستی درووستکردنی پەیوەندی و کاری هاوبەش لەناوخۆدا و پەیوەندیان بە جیهانەوە، سیستمی سەرمایەداریی و هزری پیاوسالاری، کوردستانی خستووەتە بەر هەڕەشەی داگیرکاریی، پێویستە ئێمەی ژنان برەو بە کار و چالاکییەکانمان بدەین و خەبات و تێکۆشانی خۆمان بەردەوامیی پێ بدەین و بە سیستەم دژ بەو عەقڵییەتە دژە ژنە بووەستینەوە، سەدەی بیست و یەک ڕەنگڕێژ بە بوونی ژن و ڕەنگی ژن بکەین. دواتر بەڵگەفیلمێک لەبارەی کار و خەبات و چالاکییەکانی ژنان پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

دواتر پانێڵێک لەبارەی کار و چالاکییەکانی ساڵی ڕابردوولە ئاستی کوردستان و جیهان، هەروەها هەڵسەنگاندنی خەباتی ژنان پێشکەشی ئامادەبوون کرا. ئیشارەت بەوە کرا کە پێشێلکاریەکان زۆرن، بەڵام ئامارە فەرمییەکان هەموو ئەم پێشێلکارییانە دەرناخەن و دەیشێوێنن، ئەمەش بە ئامانجی برەودان بەو سیستەمە سەرمایەدارییەی، کە دەوری هەموو جیهان و باشووری کوردستانی داوە، بەڵام دەبێت بەردەوامی خەبات و چالاکیی ژنانمان لەبیربێت. هەروەها خوێندنەوە بۆ دۆخی ژنان لە ئاستی جیهاندا کراو دەستنیشانکرا لە هەموو وڵاتانی جیهان کێشەی ژن بەردەوامە، هێشتا ژنان پەسەند نەکراون وەک ئەوەی پێویستە، وێڕای ئەوەی هەوڵەکانیان زۆر زیاترە و توانا و لێهاتوویان زۆرە، بەڵام بە بۆنەی هزری پیاوسالارییەوە هێشتا قەبووڵنەکراون و هەل و دەرفەتەکان بۆ ئەوان کەمترە.

دواتر خەڵاتی ڕێزلێنان لەلایەن نوێنەرایەتی کۆنگرەی ستارەوە پێشکەش بە ڕێپاک کرا، لە بەرامبەر هەوڵ و ماندووبوونەکانی. هەروەها لە مەراسیمەکەدا هونەرمەند فرمێسک چەند بەرهەمێکی پێشکەشی ئامادەبوان کرد.

لە کۆتایی مەراسیمەکەدا کە بەشێک بوو لە چالاکیەکە، خواردنی هەرچوارپارچەی کوردستان کە بەدەستی ژنان دروست کرابوو پێشکەش بە میوانان کرا.

هەربەم بۆنەیەوە، بە دروشمی (ژن ژیان ئازادی) لە شاری سلێمانی ڕۆژی 8ی ئادار ڕێپێوانێک ئەنجامدرا.

لە درێژەی چالاکیەکانیان ڕێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان ڕەژاک، ڕێپێوانێکی جەماوەری ئەنجامدا، لە ڕێپێوانەکەدا کە لە پارکی نالی دەستی پێکرد تا بەردەم باخی

گشتی، ژنان بە جلوبەرگی رەنگاو رەنگی کوردیو بە وتنەوەی ژن ژیان ئازادی سەرنجی ئامادەبوانی شەقامەکانیان راکێشا.

دواتر ژنان بە لێدوانو پەیامەکانیان بانگیان لە تەواوی ژنانی باشوری کوردستان کرد کە کات کاتی ئازادیە، لە پێناو ئازادیو کۆتایی هێنان بە داگیرکاریو زوڵمی پیاوسالاری تاکە رێگە یەکگرتنو تێکۆشانی هاوبەشی ژنانە. بۆ ئەوەی چیتر حزب زەفەر بە ژنان نەباتو پارچەیان نەکات، دەسەڵاتداریێتی پیاوسالاری ژنان نەکات بە کۆیلە، سیستەمی سەرمایەداریو چەمکی تەقلیدو کۆپیکردن ژنان نەکات بە کۆیلە، فیوداڵیو ئیسلامی سیاسی بە پلان ژنان نەخەنە کونجی ماڵەکانو بۆ بەرژەوەندیەکانیان بەکاریان نەهێنن، بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو دەسەڵاتداریو زۆرداریەک لە سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کلتوری، هونەری، تێپەڕاندنی سیستەمو ئەقڵیەتی بەسەرچوو پێویسیمان بە تێکۆشانی هاوبەش، سیستەمێکی دیموکرات بە پێشەنگایەتی ژنان هەیە. بۆیە دەڵێین شەپۆلو هاواری ژن ژیان ئازادی کە جەوهەرو ناوەرۆکی فکرو فەلسەفەی سەدەیە کە رێبەر ئۆجەلان دایهێناوە ناوەستێتو سەردەکەوێت.

لە ڕۆژی ٨ ی ئادار دا ، بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیریو هونەری سلێمانی7 ی ئەم مانگە بۆ پیرۆز راگرتنی 8ی ئادار چالاکیەک بۆ ژنانی فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتیەکە ئەنجام دا. سەرەتا گوڵ پێشکەش بە ژنان کرا، هەروەها وەک رێزێک لە رێگەی نیشاندانی گرتە ڤیدیۆیەکی کاروچالاکی ژنانی بەرێوەبەرایەتیەکە نمایش کرا. دواتر بە گۆرانیو هەڵپەرکێ کۆتایی بە چالاکیەکە هێنرا.



هەر لە چوارچێوەی چالاکیەکاندا لەلایەن کۆمیتەی ئامادەکاری 8ی ئادار گوڵو پەرتوک بەسەر ژنانی کرێکار دابەشکرا، ئەو رۆژە کە رۆژی ژنانی کرێکارو رەنجدەری جیهانە لە کرێکارانی ژن پیرۆز کرا. لە چالاکیەکەدا ژنانی

نوێنەرایەتی کۆنگرەی ستار لە باشوری کوردستان و ژنانی پارچەکانی تری کوردستان بەشدار بوون.

شەنگال:




بە دەستپێشخەری تەڤگەری ئازادی ژنانی ئێزیدی تاژێ بە بەشداری ژنانی عەرەب، بۆ بەرزراگرتنی رۆژی تێکۆشانی ژنانی جیهان لە ریپێوانێک ئەنجامدرا، ریپێوانەکە لە شارۆچکەی سنونێی سەر بە شەنگال ئەنجام دراو بە دروشمی ژن ژیان ئازادی بانگەوازیو داخوازی ئازادی بۆ هەموو زیندانیانی سیاسی کراو ئەو رۆژە لە ژنانی شەنگال، کوردستانو جیهان پیرۆز کرا. لە ریپێوانەکەدا لە لایەن هەریەک لە ریهام حەسەنو فاتمە مستەفا بە زمانی کوردیو عەرەبی وتار پێشکەش کران، جەخت لەسەر درێژەدان بە تێکۆشان کرایەوە، بانگەوازی بۆ تێکۆشانو چالاکی هاوبەش تایبەت لە نێوان ژنانی کوردو عەرەب دوپاتکرایەوە. بە دروشمی ژن ژیان ئازادی کۆتایی بە ریپێوانەکە هێنرا.

له 5ی ئادار ئەنجومەنی ژنانی عەرەب، ژنانی گەنجو ئەنجومەنی گەلی عەرەب لە شەنگال بە سیمینارێک ئەو جەژنەیان لە تەواوی ژنانی جیهان پیرۆز کرد. هەروەها باسیان لە لە گرنگیو واتی ئەو رۆژە کرد بۆ ئامادەبوانو تەواوی ژنان. هەروەها جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە 8ی ئادار رۆژی تێکۆشانو بەرخۆدانە، سەرچاوەی ئازادی ژنانە، رۆژی تەقینەوەی هێزی ژنە بەڕوی دەسەتخوازیو پیاوسالاری.

هەروەها تەڤگەری ئازادی ژنانی ئێزیدی (تاژێ)و خۆبەڕێوەبەری شەنگال، بەو مەبەستە لە کۆمەڵگەی دیگۆر لە چوارچێوەی سیمینارێکو نیشاندانی فیلمی مۆزیکالی (کەزی سور)و نمایشکردنی شانۆگەریەک ئەو رۆژەیان بەبیرهێنایەوە. جیهان جەلۆ ئیشارەتی بە گرنگی تێکۆشانی ژنان کرد لەم رۆژەدا لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانیان. هەروەها تەڤگەری ئازادی ژنانی ئێزیدی تاژێ بە نوێنەرایەتی شاندێک سەردانی ژنە شەرڤانانی یەکینەکانی ژنانی شەنگال ـ یەژەشەیان کردو چەپکە گوڵی پیرۆزباییان پێشکەش کردو وتیان: ئێمە بە سایەی شەرڤانانمان پارێزراوینو دەژین، بۆیە ئەم رۆژە، لە ژنانی تێکۆشەرو بەرخۆدێر پیرۆز دەکەین، لەگەڵ هەموو ژنان بەرەو ئازادی هەنگاو دەنێین.

کەرکوک:

رێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان رەژاک لە 1ی ئادار بە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لە شاری کەرکوکو لە شوێنی تیرۆرکردنی ژنە تێکۆشەر شەهید فریال سلێمان بەرنامەکانی خۆیان بۆ هەڵمەتی 8ی ئادار راگەیاند. هەڵمەتی رەژاک کە بە دروشمی بە (بە ژن ژیان ئازادی بەرەو شۆڕشی ژنان هەنگاو دەنێین) دەستیان بە زنجیرە چالاکیەکانیان کرد.

بۆ ئەو مەبەستە رەژاک لە 6ی ئادار سەردانی رێکخراوەکانی ژنانی لە شاری کەرکوک کرد. لەلایەن شاندەکەی رەژاک چەپکە گوڵو نامیلکەی ژن ژیان ئازادی پێشکەش بە ژنانی رێکخراوەکانی ژنان کرا. کە بریتی بون لە ( کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان، یەکێتی ژنانی کوردستان، ژنانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان). هەر لە سەردانەکان بارودۆخی ژنان، تایبەت ژنانی کەرکوک گفتوگۆی لەسەر کرا. جەخت لە تێکۆشانو خەباتی هاوبەشی ژنان کرایەوە.

تەڤگەری ئازادی ژنانی ئێزیدی تاژێ بە هەڵمەتێک دەستی بە چالاکیەکانی 8ی ئادار کرد، لە هەڵمەتەکەدا کە گەڕان بوو بەنێو شەقامەکانی شەنگال. بە بڵاوکراوەیەک بانگەوازی لە ژنان کرا کە بەشداری مەراسیمو چالاکیەکانی ئەو بۆنەیە ببن. لە گەڕانەکاندا باسی گرنگی ئەو رۆژەو تێکۆشانی ژنان کرا.

هەر بەم بۆنەیەوە لە ڕۆژی ٧ ئادار ڕێکخراوەکانی ژنان لە بارەگای یەکێتی ژنان لە کەرکووک کۆبوونەوە.

لە کۆبونەوەکەدا پیرۆزبایی 8ی ئادار لە تەواوی ژنان کرا، ئامادەبوان پەیامی پیرۆزبایی خۆیان پێشکەش بە ژنانی شەرڤانو گەریلا، ژنانی هەرچوارپارچەی کوردستان کرد. گوڵی رێزلێنانیان پێشکەش بە بەشێک لە ژنانی ژینگە دۆستو فەرمانبەر کرد. دواتر چەندین نەمام لەلایەن ژنانەوە نێژران. ئیشارەت بەوە کرا کە ناحەزان هەست بە چالاکیەکانیان دەکەن بۆیە ژنان تیرۆر دەکەن.

ژنان هەروەها باسیان لەوە کرد تێکۆشانی ژنان بۆ بەدەستخستنی مافەکانیان مێژوێکی دورودرێژی هەیە، چونکە مێژووی دابونەریتەکانی سیستەم ستەمێکی زۆریان لە ژنان کردووە. جێگەی خۆشحاڵیە ژنان بەردەوام لە تێکۆشانو تایبەت شەرڤانو گەریلا ژنەکان دانەنیشتون بەدیار سەیرکردنی داگیرکردنی وڵاتەکەیانەوەو بەرگری لە خاکەکەیان دەکەنو شانازیان پێوە دەکەین.

بناری قەندیل:



بە دەستپێشخەری رێکخراوی ژنانی ئازادی کوردستان رەژاک لە بناری قەندیل 8ی ئادار پیرۆز کرا. لە ئاهەنگەکەدا کە ژنانی بناری قەندیلو دانیشتوانی ئەو بنارە بەشدار بوون ئەو رۆژە بە پێشکەشکردنی وتاری کۆمەڵەی ژنانی کوردستان کەژەکە، پەیامی رەژاک پێشکەش کران، کە تیایاندا باس لە مێژوو تێکۆشانی ژنانی باشوری کوردستان کرایەوە، وێرای ئەو زوڵمو دەسەڵاتدارێتیەی لەسەریان بەڕێوە چووە هەرگیز کڕنوشیان بۆ دوژمنو داگیرکەر نەبردووەو بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد لە تێکۆشانو قوربانیداندا بەردەوام بون، لە ئێستاشدا بەرامبەر بە هەوڵە داگیرکاریەکانو هەوڵدان بۆ سەپاندنی زیهنیەتی پیاوسالاریو بێ رۆڵ کردنی ژن ئەرکی قورستر لە ئەستۆی ژناندایە. بۆ ئەوەش پێویستیمان بە تێکۆشانی زیاتری هاوبەشو یەکێتی ژنان هەیە. چونکە ئەگەر ئەمڕۆ ژن ژیان ئازادی بۆتە وێردی سەر زمانی گەلان بێگومان ئەرکمان قورسترە. چالاکیەکە بە گۆرانیو هەڵپەڕکێ کۆتایی پێ هات.

قەڵادزێ:

بۆ پیرۆزکردنی 8ی ئادار دامەزراوەی کەریمی عەلەکەو ماڵی کەلەپوریو رۆشنبیری قەڵادزێ، ئاهەنگو فیستڤاڵێکیان بۆ ژنانی دەستڕەنگینو هونەرمەند ئەنجامدا. ئاهەنگەکە کە لە گردی حوسنی شارۆچکەی قەڵادزێ ئەنجامدرا لە هەمان کاتداو لە ناو ئاهەنگەکەش فیستیڤاڵێک بۆ کاری دەستی ژنان بەڕێوەچوو کە تیایدا رەنجو دەستڕەنگینی ژنان خرایە

روو. ژنان بە نمایشی کاری دەستی، خواردنە کوردەواریەکان، شیرنی، تابلۆ بەرهەمەکانی خۆیان پێشکەش کرد.

ئاهەنگەکە بە بەشداری چەند گروپێکی هونەری رۆژهەڵاتی کوردستانو گروپی میوزیکی نامرێ بەڕێوە چوو، کە چەندین گۆرانیان پێشکەش کرد.

مەخمور:

لە کەمپی شەهید رۆستەم جودی کەمپی پەنابەرانی مەخمور بە ئاهەنگێک 8ی ئادار پیرۆز کرا.

ژنانی مەخمور رایانگەیان ئێمەی ژنان بە ئازادی جەستەیی رێبەر ئۆجالان ئازاد دەبین، لە چالاکیەکەدا کە هەزاران ژنو دانیشتوانی کەمپەکە بەشداریان تێدا کرد بە دروشمی ژن ژیان ئازادیو بەرزکردنەوەی وێنەی شەهیدان ئەو رۆژەیان بەرزو پیرۆز راگرت. هاوسەرۆکی ئەنجومەنی گەلی مەخمور فلیس بوداک وتارێکی پێشکەشکردو وتی: 8ی ئادار لە رێبەر ئۆجەلانو هەموو ژنانی شۆڕشگێر پیرۆز دەکەین. ئێمەی ژنان لەمردنەوە ژیانمان خوڵقاند، قەڵەمبازی 8ی ئادار بو بە رۆژی تێکۆشانو سەرکەوتنی ژنان. چی دەبێت با ببێت جارێکی تر ژنو مردن یەکانگیر نابن. بە هەڵپەڕکێ کۆتای بە ئاهەنگەکە هێنرا.

گروپی هەنگاوێک بۆ داهاتوو بە هەماهەنگی لەگەڵ کۆمیتەی رێکخستن، پێشەنگایەکی دوو رۆژە بۆ 135 ژنی خاوەنکاری دەستڕەنگین کردەوە، پێشەنگاکە لە کارگەی جگەرەکە لە شاری سلێمانی لە 9ی ئادار کرایەوە. بەشداربوان کردنەوەی ئەو جۆرە پێشەنگایانە بە گرنگ دەزانن تا بتوانن بەهرەو بەهەمەکانیان پێشکەش بکەن. بە تایبەت بۆ ئەو ژنانەی کە لە ماڵەوە خەریکی ئامادەکاری بەرهەمەکانیانو خاوەن بەهرەو توانان، تا لە رێگەی ئەو پێشەنگایانەوە بتوانن بەری رەنجی دەستیان پێشکەش بکەنو داهاتێکیش بۆ ژیانیان بەدەست بخەن.

بەغدا:

ژنانی ئێراق لە ڕۆژی ژنانی جیهاندا دژی ئەو یاسایانەی ڕەوایەتی بە کوشتنو ئەنجامدانی توندوتیژی دەدات، تێدەکۆشن.

بۆ ئەو مەبەستە ژنانی عێراق لە ڕۆژی 8ی ئاداردا، دژی ئەو هەوڵانەی کە دەدرێت بۆ لێسەندنەوەی مافی سەرپەرشتیو بەخێوکردنی منداڵ لە دایکو بەشێکی یاساکانی کە ڕەوایەتی بە کوشتن، لێدانو ئەشکەنجەی ژنان دەدرێت لەلایەن پیاوانەوە یاساکانی تری



دژی ژنان گردبونەیەکی ناڕەزایەتیان لە بەغدا ئەنجامدا، ژنان وتیان ماوەی چەند ساڵێکە هەوڵێک هەیە بۆ ئەوەی مافی بەخێوکردنی منداڵ لە دایک بسێنرێتەوە، ئەوەش هێندەی تر ژنانی چالاکوانی توڕەو نیگەران کردووە. چالاکوانانی ژن هەروەها وتیان: بۆ ژنانی عێراق ئەو ڕۆژە داواکردنی مافی یەکسانیو دادپەروەری نییە، بەڵکو بۆ هەڵوەشاندنەوەو ڕاگرتنی ئەو توندوتیژیانەیە کە بە یاسا بەرامبەر ژنان دەکرێن.

سلێمانی ڕێکخەرانی 8ی ئادار

ڕێکخەرانی 8ی ئادار بەبۆنەی ڕۆژی تێکۆشانی ژنانی جیهان بە دروشمی کارو کرێی یەکسان بۆ ژنانو پیاوان لە بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی چالاکیەکیان ڕێکخست. چالاکیەکە بە خوێندنەوەی شیعری تایبەت بە ژنانو ئازادی دەستی پێکرد. دواتر یاداشتێک خوێنرایەوە کە تایبەت بوو بە ژن، کار، هەلی یەکسان، هەروەها لە گوتاری ڕق و کینە و دەست والایی ژمارەیەک لە پیاوانی ئایینی توندرەو، رەخنە گرتن لە دەسەلات بۆ گرنگی نەدان و دەستئاوالاکرنیان کە گوتاری دژە ژن و دژە ئازادین. دواتر بەشداربوان بە دروشمی "(ژن، ژیان، ئازادی، نابۆ ستەم و نادادی)، (هەشتی ئادار سومبولێکە بۆ ئازادی و یەکسانی)، (هەرجۆرە سوکایەتیەک سرركۆنە دەکەین بەژنان)، (نا بۆ گوتاری رق و کینە)" بەرێپێوان تا پارکی دایک رێیان پێوا، لە پارکی دایک بە وتارێک مێژوی هەشتی ئادار خوێنرایەوەو چالاکیەکە کۆتایی پێ هات.

لە گەرمیان کۆنفرانسێک لەبارەی دۆخی مافەکانی ژنان بەڕێووەچوو

بە بۆنەی ٨ی ئادارەوە لە هۆڵی کتێبخانەی شارۆچکەی کەلاری ناوەندی گەرمیان هاوپەیمانی ژنانی کوردستان کۆنفرانسێکی لەبارەی بارودۆخی ژنان لە کەلار ڕێکخست و تێیدا بەشێک لە ژنانی شارۆچکەکە و ناوچەکانی دیکە ئامادەی بوون، یەکێک لە ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکەش دەڵێت: پانێڵەکە بە بەشداریی ژنانی شارەزا لە بوارە جیاوازەکان، بۆ باسکردنی دەرفەت و گرفتەکانی ژنان ڕێکخراوە. چالاکوانانی بەشداربووی وتیان کۆنفرانسەکە تایبەتە بەوەی بارودۆخی ژنان لە کەلار لە چی ئاستێکە، هەروەها ئەو گیروگرفت و بەربەستانە چین لە بەردەم ژنان، بۆ ئیشکردن و هەروەها باسکردنی دەرفەت و ڕێگرییەکان بەرانبەر ژنان بە گشتی و لە کەلار بە تایبەتی. هەروەها ئیشارەت بەوە درا دوای ئەوەی کورد هەوڵی خۆبەڕێوبەرییدا و هەوڵیدا لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتیی و ئابووری خۆی بەڕێوە ببات، بەڵام دوای ٣٠ ساڵ دەبینین چیمان بەرهەم هێناوە و کۆمەڵگامان بەرەو کوێ ئاراستە کردووە، لە بواری کۆمەڵایەتی و بوارە جیاوازەکانی تریش دۆخی باشووری کوردستان خراپە.

له هەڵەبجە خەڵاتی قەڵغانی سەرکەوتن بە چەند ژنێک بەخشرا.

له بەردەوامی کار و چالاکییەکانی ڕۆژی ٨ی ئادار، بەڕێووەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری هەڵەبجە، بە بۆنەی ٨یی ئادارەوە لەژێر ناوی "ژن ئامێزێک بۆ کۆمەڵگە و شکۆیەک بۆ نیشتیمان" چەندین چالاکی جۆراوجۆری تایبەت ئەنجامدرا.

چالاکیەکان بریتی بوو له نمایشکردنی شانۆییەک، کە گوزارشتی لە خەم و ئازارەکانی ژنان دەکرد، دواتر خەڵاتی قەڵغانی سەرکەوتنمان بەخشیە سێ ژنی سەرکەوتوو، کە له ڕۆژە سەختەکاندا ڕۆڵی باڵایان هەبووە، توانیویانە ببنە پاڵپشتییەک بۆ خۆیان و کەسوکارەکانیان.

# چالاکییەکان بە بۆنەی ٨ی ئادار لە باکوری کوردستان و تورکیا



**جەزیر:**

بزووتنەوەی ژنانی ئازاد ( TJA ) بە بۆنەی ٨ی ئادار ڕۆژی جیهانی ژنان لە ناوچەی جەزیرەی شرناخ گردبوونەوەیەکی جەماوەرییان ئەنجامدا و  ئەندامانی ئەنجومەنی دایکانی ئاشتی،  و پەرلەمەنتارانی پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەلان (DEM) و پەرلەمانتاری شرناخ و وتەبێژی پارتەکە، ئایشەگول دۆغان و کاندید و هاوسەرۆکانی شارەوانی شار و قەزاکانی پارتەکە لە شرناخ و سەدان ژن بەشدارییان لە گردبوونەوەکەدا کرد. شوێنی  گردبوونەوەکە بە دروشمی " ژن، ژیان، ئازادی بەرەو ئازادی" ڕازێنرابووەو و ، دروشمەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"، "منداڵانی ڕۆژ" و "بژی بەرخۆدانی گیراوانی ئازادی"بەرزکرایەوە  و بەشداربووان بەبێ وەستان دروشمی "ژن، ژیان". ئازادی" و "بژی بەرخۆدانی زیندان"یان دەوتەوە.

**ئورفا:**

پلاتفۆرمی ژنانی ڕەحا کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی سەبارەت بە ڕۆژی جیهانی ژنان لە بەردەم ناوەندی کاری ئەحمەد بەهچیڤان ڕێکخست. جگە لە ئەندامانی پلاتفۆرمەکە، کاندیدی هاوسەرۆکایەتی پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەل -ی  ڕەحا "گوڵشێن ئۆزەر " و ژمارەیەکی زۆر لە ژنانیش بەشدارییان لە چالاکییەکەدا کرد. لە ڕاگەیاندراوەکەدا لافیتەی "ئێمە ئاشتی و ژیان و مافەکانمان لە دژی شەڕ و توندوتیژی و هەژاری دەپارێزین" و "نا بۆ جینۆسایدی ژنان"، "کوشتنی ژنان سیاسییە" بەرزکرایەوە.

دێرسیم:

گردبوونەوە و ڕێپێوانی ڕۆژی جیهانی ژنان لە ٨ی ئاداردا بە سەرکردایەتی پلاتفۆرمی ژنانی دێرسیم بەڕێوە چوو. ڕێپێوانەکەبە ئامادەبوونی سەدان ژن لە شەقامی هونەرەوە تا گۆڕەپانی سەید ڕەزا بەردەوام بوو و لە گردبوونەوەکەدا پەرلەمانتاری پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەل لە دێرسیم، ئایتن کۆردو، و پەرلەمانتاری پارتی کرێکاران لە دیلۆک، سێڤدا کاراجا، و بیرسن ئۆرهان، کاندیدی هاوسەرۆکی شارەوانی دێرسیم و ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بەشدارییان کرد. ژنان بەدەم گوتنەوەی دروشمی "ژن ئازادی دەژین" دەستیان بە ڕێپێوان کرد و بە ئاڵای ڕەنگاوڕەنگ سەمایان کرد. ڕەوتی ژنانی ژنانی گەنج کە لە زانکۆکانەوە بەشدارییان لە چالاکییەکان کردبوو ، بە دروشمی "بێ سەرۆک ژیان ژیان نابێ" مۆرکی خۆیان لە ڕێپێوانەکە دا و ژنان بەدەم گوتنەوەی دروشمی جۆراوجۆرەوە، داوای ئازادی زیندانیانی سیاسییان دەکرد.

سێرت:



پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەل (DEM)، بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (TJA) و پارتی هەرێمە دیموکراتییەکان (DBP) ئاهەنگێکیان لە ٨ی ئادار لە جادەی گوریس لە ناوەندی شاری سێرت سازکرد و لە درێژەی چالاکییەکاندا، نووسینگەی هەڵبژاردنی ژنانی پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەل کرانەوە. ئاهەنگەکە بە ئامادەبوونی هەزاران ژن بە جل و بەرگی نەتەوەیی ڕەنگاوڕەنگ و بە دەم گوتنەوەی دروشمەکانی: " بەتێکۆشان ئازاد دەبیت، کە ئازاد بیت جوان دەبت، کە جوان دەبیت خۆشەویست دەبیت"، و "بەرخۆدان ژیانە"، "هاوسەرکردایەتی هێڵی وەنەوشەیی ئێمەیە"، "شۆڕش بەبێ ژن نابێ" و "ژن، ژیان، ئازادی" و " بێ سەرۆک ژیان نابێ " جۆش و خرۆشێکی تایبەتیان بە چالاکییەکان بەخشی.

قۆسەر:

لە ناحیەی قۆسەری ماردین، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنان لە ٨ی ئادار لە ناوچەی ناسراو بە وێستگەی پاس بە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (TJA) و ئەنجومەنی ژنانی پارتیی یەکسانی و دیموکراسی گەل، گردبوونەوەیەک بەڕێوەچوو. ژنان بە جلوبەرگی ناوچەیی خۆیانەوە بەربەستەکانیان تێپەڕاند و بە بەرزکردنەوەی نیشانەی سەرکەوتن و بە ملپێچی سەوز و سوور و زەرد دەستیان بە سەما و شایی کرد.

باتمان

ڕۆژی ٨ی ئادار ڕۆژی جیهانی ژنانی کرێکار، بە ئامادەبوونی هەزاران ژن و بەدەم گوتنەوەی دروشمی " ژن، ژیان، ئازادی " گردبوونەوەیەکی بەجۆش و خرۆش لە ئیلەح بەڕێوەچوو.

ئامەد

ڕۆژی ٨ی ئادار لە گۆڕەپانی ستاسیۆنی ئامەد کە بە بەشداری هەزاران ژن و بە دروشمی " سڵاو،هەزار سڵاو لە ئیمرالیی"، بە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (TJA) و پلاتفۆرمی ژنانی دیجلەی ئامەد (داکاپ) لە گۆڕەپانی وێستگەی ناحیەی شاری نوێ لە چالاکییەکی بێ وێنە بەڕێوەچوو.




وێرانشار:

لە ناحیەی وێرانشاری شاری ڕەحا و لەبەردەم باخچەی نووسینگەی هەڵبژاردنی پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەل " بە ئامادەبوونی سەدان ژن و هاوسەرۆکی پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەل لە ڕەحا " سیما عایشە ئۆغلۆ "  چالاکییەک بەڕێوەچوو و چالاکییەکە بە خولەکێک وەستان بۆ گیانبەختکراوانی ئازادی و بەرزکردنەوەی وێنەی ژنانی تێکۆشەری کورد کە لە لایەن دەوڵەتی فاشیستی تورکەوە لە ئەورووپا شەهید کران بەڕێوەچوو. هاوسەرۆکی پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەل لە ڕەحا " سیما عایشە ئۆغلۆ "  سڵاوی لە ئامادەبووان کرد و پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەی لە سەرجەم ژنانی جیهان و ژنانی کورد کرد و لە درێژەی چالاکییەکاندا " بەدریە یۆرگون " کاندیدی هاوسەرۆکی شارەوانیی وێرانشاری دەم پارتی، نامەی لەیلا گوڤەن هاوسەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتیک (کەجەدە) کەماوەی چەند ساڵە لە گرتووخانەی سینجان  لەلایەن دەوڵەتی داگیرکەری تورکەوە دەستبەسەرە بۆ ئامادەبووان خوێندەوە. گوڤەن لە نامەکەیدا دەڵێت: بە جۆش و خرۆشی ٨ی ئادار سڵاو لە هەمووتان دەکەم. وەک دەبینین جیهان لە گۆڕاندایە، تەکنەلۆجیا گەشە دەکات، دەوڵەمەندەکان لە بۆشایی ئاسمان کێڵگە دەکرن، بەڵام کورد لە زیندانەکاندا قفڵ کراوە. ئەوانەی ڕاستی دەڵێن لەم وڵاتە ڕووبەڕووی زۆر شت دەبنەوە. هەر بارودۆخێک بێت، ئێمە واز لە وتنی ڕاستییەکان ناهێنین. ئازایەتیمان لە زەمانی (مستەفا گێزگۆر) وەردەگرین، سەبرمان لە پێغەمبەر ئەیوبەوە، تێگەیشتنمان لە دەروێش و ئێدولەوە وەردەگرین.

خارپێت:

بە سەرکردایەتیی مەجلیسی ژنانی پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەل (DEM) و بزووتنەوەی ژنانی ئازاد (TJA) لە ناحیەی خارپێت لە ڕۆژی ٨ی ئادار ڕۆژی جیهانی ژنان ئاهەنگێک بەڕێوەچوو. لە ئاهەنگەکەدا "سێراپ دۆغان" خوشکی یەکێک لە پێشەنگانی تەڤگەری ئازادی گەلی کورد پەکەکە بە ناوی مەزلۆم دۆغان بەشداری ڕێپێوانەکەی کرد. ژنان بە شاڵی سپی و مۆر لە ناوەندی بازاڕەوە بۆ هۆڵی ئاهەنگەکانی شارەکە بەدەم گوتنەوەی دروشمەکانی"ژن پێکەوە بەهێزن"، "ئێمە ژنین، بەهێزین"، "ژنان شەڕیان ناوێت"، "ئێمە بێدەنگ نین، ناترسین، کۆیلە نین"، " پیاو دەکوژێت، دەوڵەت دەیپارێزێت"، ژن، ژیان ئازادی، ڕێپێوانێکی بەشکۆیان بەڕێوەبرد.

جەیهان:

لە ناوچەی بێلێدییێڤلەری جەیهان، لە شاری ئەدەنا بە ئامادەبوونی سەدان ژن و بە جل و بەرگی ڕەنگاوڕەنگی ناوچەکە ئاهەنگێک بەڕێوەچوو. ئاهەنگەکە بە خولەکێک وەستان بۆ یادی بەختکراوانی ڕێگای ئازادی دەستی پێکرد و شایی و سەمای ژنان تاکو درەنگانێ بەردەوام بوو.



دیلۆک:

لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ڕۆژی جیهانی ژنان لە ٨ی ئادار، ئەنجومەنی ژنانی پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەلی دیلۆک پەیامێکی پیرۆزباییان بۆ گیراوانی ژن لە گرتووخانەکان نارد.

س:ەرحەد

چالاکییەکانی ٨ ئادار بە جۆش و خرۆشێکی زۆرەوە لە زۆرێک لە شارەکانی هەرێمی سەرحەد بەڕێوەچوو. ژنان بە جل وبەرگی ڕەنگاوڕەنگ لە ئیدیر ، لەبەردەم نووسینگەی هەڵبژاردنی پارتی یەکسانی و دیموکراسی گەل لە قەزای سۆگوتلو کۆبوونەوە. هاوکات ژنان بەدەم گوتنەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە شەقامی جمهوریەتەوە بەرەو نووسینگەی هەڵبژاردنی زاگرۆس ڕێپێوانیان کرد.

ئەدەنە:

پلاتفۆرمی ژنانی ئەدەنە لە ڕۆژی ٨ ی ئاداردا، بە گوتنەوەی دروشمەکانی: "جیهانێکی یەکسان، ئازاد، دادپەروەر، بێ توندوتیژی و شەڕ بنیات دەنێین" لە پردی قاسم گولەکەوە بۆ گۆرەپانی ئوگوڕ مومجو ڕێپێوانێکی گەورەیان ئەنجامدا.

مێرسین:

لە گەڕەکی شەوکەت سۆمەر لە ناحیەی ئاکدەنیزی مێرسین بە بۆنەی ٨ی ئادار ڕۆژی جیهانی ژنان چالاکییەک بەڕێوەچوو. ژنان لەبەردەم بینای ڕێخستنەکانی دەم پارتی کۆبوونەوە و بە ڕێپێوان بەرەو شوێنی چالاکییەکە ڕۆیشتن. ژنان بەدەم ژەنینی دەفەوە و بە دروشمەکانی: "ژن، ژیان، ئازادی"، "بژی بەرخۆدانی ژنان"، "بژی ٨ی ئادار"چوونە گەڕەکی گونەش و پاش کردنەوەی نووسینگەی هەڵبژاردنی دەم پارتی بە سەما و گۆرانی و وتنەوەی دروشمی: "بودجەیەک بۆ ژنان بۆ شەڕ نییە"، "هاوسەرۆکی هێلی وەنەوشەیی ئێمەیە"، "ئەو کەسەی ژیان دروست دەکات سەرکردایەتیمان دەکات" و "ژن هێڵی وەنەوشەیی ئێمەیە"، درێژەیان بە چالاکییەکەیان دا.

ئیستانبۆڵ:

بیست و دووەمین پلاتفۆرمی فێمینیستەکان بە بۆنەی ٨ ی ئادارەوە لە ناوچەی تەقسیم لە ئەستەنبۆل ڕێپێوانێکیان ئەنجامدا. لە ڕێپێوانەکەدا کە کاندیدی هاوسەرۆکایەتی شارەوانی گەورەی شاری ئەستەنبوڵ سەر بە پارتی دەم پارتی " مێراڵ دانیش بێشتاش " بوون و ئەندامانی ئەنجومەنی ژنان تیایدا بەشدار بوون دروشمەکانی: 'ژن، ژیان، ئازادی'، 'بەرخۆدان زیندووە'، 'هەمیشە لە ژیانماندا تێکۆشان هەبووە'، 'یاسا لە شەقامەکاندا نووسراوە'، 'بەرخۆدان هەیە، تەقسیم هەیە' مۆرکی خۆی لە چالاکییەکە دابوو.

ئیزمیر:

لقی گشتی سەندیکای کرێکاران لەبەردەم ناوەندی ڕۆشنبیری لێمان تاکو تا شەقامی شەهیدانی قیبریس ڕێپێوانێکیان ئەنجامدا. لە ڕێپێوانەکەدا ژنان دروشمەکانی "ئێمە دژی کۆیلایەتی و توندوتیژی و هەژارییین" و "ژن، ژیان، ئازادی" و "بێدەنگ مەبن، هاوار بکەن و بڵێن نا بۆ توندوتیژی"یان بەرزکردەوە.






ئەنقەرە:

بەشی تەندروستی ژنان و پزیشکانی ژن لەبەردەم بارەگای گشتی  سەندیکای پزیشکانی تورکیا کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان ئەنجامدا. لە کۆنگرەکەدا کە ئەندامانی تی تی بی تیایدا بەشدار نەبوون لەلایەن وتارێک  " ئەبرو دەمیرێل "، ئەندامی بەشی تەندروستی ژنان و پزیشکی ژنان TTB خوێندرایەوە و پاشان ئیلکای چەلیک " ئەندامی دیکەی تی تی بی  وتارێکی پێشکەش کرد.

ئەنتالیا

هەروەها لقی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی (SES) لە ئەنتاڵیا لە بینای سەندیکاکە بەیاننامەیەکی پێشکەش کرد. سکرتێری ژنان لە لقی SES، نورجان ئێگلێنتی، بەیاننامەکەی خوێندەوە و ڕایگەیاند، ئەوان بە هێزی مێژووی خەبات و مافەکانیان بەرپرسیارێتی ژیانی خۆیان دەگرنە ئەستۆ. ئێگلێنتی ئاماژەی بەوەشکرد، لە ٨ی ئاداردا ئەگەر لە کۆیلایەتی سەرمایەداری و چەوساندنەوەی عەقڵیەتی ڕەگەزپارێزی ڕزگاریان بێت، تێکۆشان بۆ ئازادی زیاتر دەکەن. پاشان ئیگلێنتییەکان داواکارییەکانیان خستەڕوو.




ناردنی کارت بۆ ژنانی زیندانی:

 بەبۆنەی ڕۆژی ٨ ی ئادارەوە سەدان ژن لە شارەکانی ئامەد، ئەدەنە، وان، مێرسین، ئەنتالیا، بەدلیس و شرناخ گردبوونەوە و وێڕای بەرزڕاگرتنی ئەم ڕۆژە کارتیان بۆ ئەو ژنان گرتووخانەکان  نارد و پشتیوانی خۆیان بۆ دەربڕین.

# ژن، ژیان ئازادی

## ٨ ی ئادار لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران

چالاکییەکانی ٨ی ئاداری ئەمساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کورستان بە پێشەنگایەتی دایکی شەهیدان بەڕێوەچوو.

چالاکییەکان بە سەردانی مەزاری گیانبەختکراوانی ڕێگای ئازادی لە شار و شارۆچکە جیاوازەکان لە لایەن دایکی سەربەرزی شەهیدان دەستی پێکرد و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی گوترایەوە و پیرۆزبایی ٨ ی ئاداریان لە ژنانی جیهان بە گشتی و ژنانی کورد بە تایبەتی کرد.



هاوکات لە شارەکانی سنە و ئورمیە و مەهاباد و سەقز، گوڵ و پەیامی تایبەت لەلایەن کۆمیتەی ژینا ئەمینی، کچانی ڕۆژ و شەهید تولهەڵدان و کچانی گەنج لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کرایەوە.

هەوکات یەکینەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕۆژی ٨ی ئادار ڕاگەینراوێکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو:

کۆمیتەی هیلالی زێڕین کە بە لیژنەی ڕۆشنبیری KJAR ناسراوە، کلیپی گروپی ڕۆژیار-یان نوێکردەوە و بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە بڵاویان کردەوە.

گیراوی سیاسی ژن، زەینەب جەلالیان، بەبۆنەی ٨ی ئادار، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی ژنان کرد و تیایدا داوای ئازادی بۆ ڕێبەری گەلی کورد دەکات و خەباتی ژنان لەم پێناوەدا بە پیرۆز وەسف کرد. هاوکات ژمارەیەک لە ژنانی چالاکوان لە گرتووخانەی ئەڤین – ی تاران پەیامێکی پیرۆزباییان بەم بۆنەیەوە ئاراستەی ڕای گشتی کرد.

هاوکات کۆمەڵگای ژنانی ئازادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراو بە " کژار " بە بۆنەی ٨ ی ئادار ڕۆژی جیهانی ژنان بەیاننامەکیان بڵاوکردەوە. هەر بەم بۆنەیەوە کۆمیتەی ڕاگەیاندنی کەژار، ژمارەی تایبەتی گۆڤاری " زنان شرق " یان بڵاوکردەوە و کۆمیتەکانی کەژار لە ئەوروپا چەند سیمینارێکیان لەسەر گرنگی ئەو ڕۆژە ئەنجامدا.

هەروە ها لە لایە ن کۆمیتە ی ئامادە کاری کۆنفرانسی ژن، ژیان، ئازادی، ئەنجامنامە و وتەی ئامادەبووانی کۆنفرانسەکەیان لە چوارچێوەی کتێبێکدا چاپ کرد و بەم بۆنەیەوە بڵاویان کردەوە.








# ٨ ی ئادار لە ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا 2024

## ٨ی ئادار لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا (ڕۆژئاوای کوردستان)

لە باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، لە بە دروشمی " بە ئیرادەی ژنێکی ئازاد سیاسەتی جینۆساید و داگیرکاری و گۆشەگیری تێکدەشکێنین " پلاتفۆرمی چالاکی ژنان بە زنجیرە چالاکییەک،هەڵمەتێکی بەرفراوانیان لە ٢٤ شۆبات تاکو ٨ی ئادار پێشوازیان ڕێکخست. لە چوارچێوەی پێشوازیکردن لە ڕۆژی جیهانی ژنانی کرێکاردا زنجیرەیەک چالاکیی هەمەڕەنگ لەلایەن ژنانەوە ڕێکخرا و ژنان مۆرکی خۆیان لەم چالاکییانە دا.
لە دروشمەکانیان بۆ پێشوازیکردن لەم ڕۆژە ژنانی ناوچەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە لە پێناو خەباتکردن بۆ ئازادیی ژنان پێویستە بەرەنگاریی سیاسەتەکانی داگیرکاری و چەوساندنەوە، ئەو سیاسەتە گۆشەگیرییەی کە ڕۆژانە بەسەر ڕێبەرایەتی و لە هەمان کاتدا بەسەر ژنان دەسەپێنرێت ببینەوە و تێکی بشکێنین. هاوکات کۆنگرەی ستار لە پەیامێکدا ڕایگەیاند کە بە فەلسەفە و پارادایمی ڕێبەر ئاپۆ پشت بە ئازادی ڕەگەزی و ئیکۆلۆژیک دەبەستێت، و بە دروشمی 'ژن، ژیان، ئازادی' خەباتی خۆیان بەهێزتر دەکەن و نیشان دەدەن کە هەرگیز کۆیلایەتی لەسەر ئەم خاکەی خوداوەندەکان قبوڵ ناکەن.




لە درێژەی وتارەکەیدا کۆنگرەی ستار ئاماژەی بەوە کرد کە: ساڵی ڕابردوو ئەم ڕۆژە لە ژێر سایەی ئەو بوومەلەرزەیەی کە لە ناوچەکەدا ڕوویدا، پێشوازی لێکرا، بەڵام سەرەڕای ئەو دۆخەش ئەم ڕۆژە بە ڕێپێوانی جەماوەری دژی سیاسەتەکانی پیاوسالاری و دەوڵەت نەتەوە، بەرز ڕاگیرا، کە ئەمەش لە خۆیدا وەڵامدانەوەیەک بوو دژی ئەو سیاسەتانە قوربانیانی ئەم کارەساتە. هەرچی ئەمساڵیشە ٨ی ئادار لە ژێر سایەی هێرشی قورس بۆ سەر شۆڕشی ژنان وەکو هێزی پێشەنگی گەل پێشوازی لێکرا. هەر لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا زۆرێک لە ژنانی پێشەنگ وەک شەهید زلال زاگرۆس، سۆرکسوین ڕۆژهەڵات، ئازادی دێری، یوسرا دەروێش، ڕیحان عامودە، سێرڤین سێردار و هەڤاڵەکانیان بە دەستی دوژمنانی ژن و گەل شەهید کران و ئەگەرچیی ئەوان لەڕووی جەستەییەوە لە پێشوازی ٨ ئاداری ئەمساڵ دا ئامادە نەبوون، بەڵام ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی ئەوان و بەڵێنی ئێمە بۆ پەیڕەوکردنی ڕێگاکەیان بە زیندوویی ئەمێنێتەوە و بەو ڕۆحەوە نەک هەر پێشوازیمان لەو ڕۆژە کرد، بەڵکو ژنانی ڕۆژئاوای کوردستان بەڵێنی پەرەپێدانی خەباتی خۆیان دووپات کردەوە. و لەسەر ئەو بنەمایە تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافی ژنان لە چالاکییەکانی ٨ی ئاداردا گۆڕدرا بۆ داهێنان و بەهێزکردنی خەبات بۆ ئازادیی ژنان.

لە چوارچێوەی هەڵمەتی بەرز ڕاگرتنی ٨ ی ئادار دا چەندین چالاکی جۆراوجۆر لە لایەن ڕێکخراو و دام و دەزگا تایبەتمەنددەکانی ژنان پێشکەش کران و بەم بۆنەیەوە ، بزوتنەوەی ڕۆشنبیریی و هونەری ژنانی مانگی زێڕین بەرهەمێکی هونەری بەناوی "گۆرانیەکانی مانگی سوور" بڵاوکردەوە، هاوکات لە چەندن شوێن و ناوچەی جیاواز چەندین چالاکی شانۆیی بەم بۆنەیەوە بەڕێوەچوو، ئەمە جگە لەوەی لە چەندین فستیڤاڵی جیاوازدا پێشوازی لە بەرهەم و هونەری دەستی ژنان کرا کە تیایدا گرنگی پێشخستن و بونیاتنانی کولتوور و هونەری ژنێکی ئازاد و شۆڕشگێڕ لە دژی کولتوری سیستەمی پیاوسالاری و سەرمایەداری ئامانجی سەرەکی ئەم چالاکیانە بوو. ژنانی ڕۆژئاوای کوردستان هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم شۆڕشە بە هەستکردن بەوەی کە بۆ بنیاتنانی کولتوور و ژیانێکی ئازاد، پێویستی بە شۆڕشێکی زیهنی و هزری هەیە چەندین سێمنیار و کۆڕ و کۆبوونەوەیان لە سەر ئاستی ناوچەکە ڕێکخست و هاوکات چەندین کۆڕ و سێمینار و خولی تایبەت بۆ پیاوان لە سەر بنەمای گرنگی پێشخستنی زیهنیەتی یەکسانی ڕەگەزی و کوشتنی زیهنیەتی پیاوسالاری ڕێکخرا.

**حەسەکە:**

ئەم ڕۆژە بە شێوەیەکی هاوبەش و فرەچەشن بە ڕەچاوکردنی فرە کلتوری و پێکهاتەیی ناوچەکە پێشوازی کرا و لەم ڕوانگەیەوە ژنانی ناوچەکە بە ڕەنگ و کلتووری خۆیان چەندین چالاکی جۆراوجۆریان پێشکەش کرد. هەر لەم ڕوانگەیەوە لە ٧ی ئاداردا لە شاری حەسەکە ڕێپێوانێک لەلایەن یەکێتی ژنانی سوریاوە بەڕێوەچوو، کە لە چالاکییەکەدا ژنان بە جلوبەرگی نەتەوەیی خۆیانەوە بەشدارییان کرد. هاوکات لە شارە ئازادکراوەکانی وەک ڕەقە، تەبقە و دێرەزور، ژنانی عەرەبی ناوچەکە بە پێکهێنانی لە ژێر چەتری گرووپی زێنۆبیا هاتنە مەیدان و پەرەیان بە چالاکییەکانی خۆیان دا. هەرچی ژنانی گەلی ئەرمەنی ناوچەکەیە چەندین چالاکی جۆراوجۆریان بە بۆنەی ئەم ڕۆژەوە ئەنجامدا.

لە چوارچێوەی بەرز ڕاگرتنی ٨ ی ئادار دا، چەندین پەیامی جیاواز بڵاوکرایەوە و تیایدا داوای بەگوڕ کردنی خەباتی هاوبەش لە پێناو ئازادی ژنان کرا و لەم چوارچێوەیەدا کۆنگرە ستار لە پەیامێکدا کە ئاراستەی هەموو ژنانی تێکۆشەری دەکات دەڵێ: ئێمە لەگەڵ ژنانی فەلەستینی و جوولەکە کە دژی سیاسەتی قڕکردن بە گشتی و و قڕکردنی ژنان بەتایبەتی دەجەنگێن، دەوەستین و پاڵپشتی خەباتی ئەو ژنانە دەکەین کە لە ئەفغانستان دژی سیاسەتەکانی تاڵیبان و ئەو ژنانەش کە دژی سیاسەتی ڕژێمی ئاینی ئێران و ڕژێمی فاشیستی ئەردۆغان لە تورکیا و گەلی بەلووچ دەکەین کە دژی سیاسەتی قڕکردن و زوڵم و نادادی تێدەکۆشن. ئێمە لەگەڵ ئەو ژنانەدا وەستاوین کە لە دڵی سەرمایەداریدا دژی سیاسەتی ڕاستڕەوی و فاشیزم و ستەمکاری دەجەنگن. سڵاو لە تێکۆشانی هەموو ژنانی شاخ و شەقام و کارگەکان و هەموو ئەو ژنانە دەکەین کە ژیان بە ڕەنگی ئازادی دەڕازێنێەوە و لەم پێناوەدا بانگەوازی یەکگرتن و بەهێزکردنی خەباتی هاوبەشمان دەکەین تاکو ٨ی ئادار بکەینە شۆڕشێکی جیهانی ژنان".

زنجیرە چالاکییەکانی بەرز ڕاگرتنی ٨ی ئادار بە زنجیرەە ڕێپێوان و گردبوونەوەیەک شار و شارۆچکە جیاوازەکانی وەکو قامیشلۆ، حەسەکە، کۆبانێ، شەهبا، حەلەب، دیمەشق کۆتایی هات. شایانی باسە لە هەموو چالاکییەکاندا گەل بە گشتی و ژنان بەتایبەتی بە جۆش و خرۆشێکی گەورەوە بەشداریان کرد و هەڵوێست و پاڵپشتی خۆیان بۆ خەباتی ئازادی ژنان دووپات کردەوە.








# چالاکییەکانی ٨ ئادار  لە دەرەوەی وڵات

ژنانی کورد ڕۆژی ٨ی ئادار لە شاری زیوریخی سویسرا ڕێپێوانێکی جەماوەی گەورەیان بە هاوکاری ٣٥ ڕێکخراو و دامەزراوەی ژنانی سویسرا ڕێکخست. ژنان بە سووتاندنی مۆدێلی فڕۆکەی جەنگی سەرنجیان بۆ گرنگی ستراتیژیی خەباتی هاوبەش لە دژی سیاسەتی پیاوسالاری لە ئاستی ناوخۆیی و جیهانیدا ڕاکێشا.




هاوکات بە بۆنەی ٨ی ئادار، لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کورد لە جنێڤ، بۆنەیەک بەڕێوەچوو. لەو بۆنەیەدا سەرنج بۆ خەباتی ژنانی کورد ڕاکێشرا. هەروەها ڕێپێوانی شەوانەی فێمینیستەکان لە هەمان شار بەڕێوەچوو.




هەرچی پلاتفۆرمە جیاوازەکانی ژنانیشە  ڕێپێوانێکی هاوبەشیان شاری ئەمستەردام ی  پایەختی هۆڵەندا، ڕێکخست و لە ڕێپێوانەکەدا سەرنجی ڕای گشتیان بۆ  بۆ قۆرخکاری ماندوویەتی ژنان ڕاکێشرا. هەر بەم بۆنەیەوە زیاتر لە دە هەزار ژن لە برۆکسلی پایەختی بەلجیکا ڕێپێوانێکیان ئەنجامدا و بە ئەنجامدانی سەما و موسیقا مۆرکی خۆیان لە شەقامەکانی برۆکسل دا . هاوکات ژنان لە شارەکانی گراز و لینز لە وڵاتی نەمسا ڕێپێوانێکیان بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" ئەنجامدا وسەرنجی ڕای گشتیان بۆ سیاسەتی توندوتیژی دژی ژنان و بەکاڵاکردنی ژنان و فاشیزم ڕاکێشا.




بە بۆنەی ٨ی ئادار، ڕۆژی جیهانی ژنانی کرێکار، لە زۆرێک لە شارەکانی ئەڵمانیا چالاکی جۆراوجۆر بەڕێوەچوو. لە میونشن ژنان دژی توندوتیژی دژی ژنان و سیاسەتی بەکاڵاکردنی ژنان و فاشیزم ڕێپێوانیان کرد و هەوکات ژنان ئاهەنگی ٨ی ئاداریان بە کۆنسێرتێک لە شاری لیڤەرکوزن بەرز ڕاگرت و  لە شاری دوسێلدۆرف ڕێپێوانێکیانی جەماوەری بەڕێوەچوو.

لە وڵاتانی سکاندیناڤیاش ژنان لە ٨ی ئاداردا ڕژانە سەر شەقامەکان، دروشمی نەخێر بۆ بەکاڵاکردنی ژنان و فاشیزم- یان وتەوە. لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵات سوید، ١٠ ڕێکخراوی ژنان چالاکییەکی هاوبەشیان ڕێکخست و لە چالاکییەکەدا جگە لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، دروشمی "ئێمە ڕەگەزپەرستیمان لەسەر شەقامەکانمان ناوێت " و "نا نەیە" بەرزکرانەوە.

ڕۆژی ٨ی ئادار لە فەرەنسا لە ١٦٠ ناوەند چالاکی بەڕێوەچوو. ژنانی بەشداربوو لە چالاکییەکاندا پێشەنگەکانی ژنانی کوردیان بیر هێنایەوە کە لە فەرەنسا شەهید کران و بەڵێنیان دا خەونی شۆڕشی ژنان بەدی بهێنن و بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی ئەم ڕۆژەیان لە ڕێبەری گەلی کورد " عەبدوڵڵا ئۆجەلان " کرد و داوای دەستبەجێ ئازادکردنیان کرد.

لە ستراسبۆرگ ژنان لەسەر بانگەوازی 25 ڕێکخراوی ژنان، لەوانە دەستپێشخەری ژنانی زین. هاتنە مەیدانەکان و چەندین چالاکییان ئەنجام دا و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یان بە زمانی فەرەنسی و کوردی بەرزکرایەوە.

هاوکات لەسەر بانگەوازی چەندین لە ڕێکخراوی ژنانی کۆچبەر، ژنان لە پایتەختی بێرن کۆبوونەوە و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" سەرنجیان بۆ توندوتیژی پیاوان و دەوڵەت لە دژی ژنان و بەکاڵاکردنی ژنان ڕاکێشا. لە لۆزان، کۆمەڵەی ژنانی کانتۆنی ڤۆد کۆبوونەوە و ڕێپێوانێکیان لە پلاس ڕیپۆن بەمەبەستی دەربڕینی بێزاری خۆیان لە دژی پیاوسالاری و نایەکسانی ڕێکخست.

٨ ی ئادار ڕۆژی جیهانی ژنانی کرێکار لە ئەمریکای لاتین – یش بەرزڕاگیرا و ژنان لە ئەرجەنتین، شیلی، مەکسیک و کاریبی ڕژانە سەر شەقامەکان، بێزاری خۆیان لە دژی کوشتنی ژنان و نایەکسانی ئابووری دەربڕی و داوای ئازادییان بۆ گەلی فەلەستین کرد.




